بەپێی ئەم سەرژمێریە ژمارەی دانیشتوانی عێراق 4,816,165 کەس بوون ، ئەنجامەکانی ئەم سەرژمێریە لە (7) بەش بلاوکرایەوە کە تایبەت بوون بە(تەمەن ، ڕەگەز ، باری کۆمەلایەتی ، خوێندەواری ، تەندروستی، ئاین ، نیشتەجێبوون ) بە هەردوو زمانی عەرەبی و ئینگلیزی.

.

سەرژمێری ساڵی 1957 لە عێراق کۆمیسیۆنی بانکی نێودەولەتی کە عێراق لە ساڵی 1952 بانگهێشتی کردبوو بۆ مەبەستی ئاوەدانکردنەوەی عێراق ، داوای لە عێراق کرد هەرچی زووە سەرژمێریەکی سەرتاسەری ئەنجام بدات بەمەبەستی زانینی ژمارەی دانیشتوان وە بەلێنی بە عێراق دا هاوکاری بکات ئەوە بوو عێراق بڕیاری دا بەپێی ئەو سیستەمەی کە لە عیراق پیادە دەکرا کە هەر دە ساڵێك سەرژمێری بکرێ لە مانگی تشرینی 1957 سەرژمێریەکی سەرتاسەری لە عێراق ئەنجام بدات بۆ ئەم مەبەستە عێراق دابەشکرا بۆ سەر (18)ناوچە ئەوەی جێگای تێبینیە ئەوەیە کە تەواوی سەرژمێریەکان لەعێراق لە مانگی تشرینی یەکەم ئەنجامدراون .

هۆکاری ئەمە دەتوانین بگێڕینەوە بۆ ئەم هۆکارانە :

1-لەباری بارودۆخی ئاووهەوا .

2-لەم ماوەیەدا قوتابخانەکان دەکرێنەوە هەربۆیە ژمارەیەکی زۆری قوتابی و ماموستا لەبەردەست دەبن بۆ ئەوەی سوودی لێوەربگیرێت.

3-لەو ماوەیەدا ڕەوەندەکان دەگەڕێنەوە شوێنی خۆیان ئەمەش وایکردووە هەموو سەرژمێریەکان بکەونە مانگی 10.

(ئەو سەرژمێریە لەلایەن وەزارەتی ناوخۆوە ئەنجام دراوە)

"ئەم سەرژمێریە سەرەتا بەشێوەیەکی تەجریبی بووە "

له (14/6/1957) لەشارۆچكەی شارەبان ئەنجام درا بۆئەوەی بزانرێت ئەوكەمووكوڕیانە كامانەن كە دێنە بەردەم پرۆسەكە خودی سەرژمێریەكە (1957\10\15) ئەنجام درا بەپێی ئەم سەرژمێریە ژمارەی دانیشتوانی عێراق 6,298,976 ، ئەم سەرژمێریە ئەنجامەكان لەنێوان سالانی 1971_1974 له (36) خشتەدا بلاوكرایەوە كە تایبەتن بە (ڕەگەز ، تەمەن ، دابەشبوونی ژینگە ، باری خوێندەواری ، جۆری ژینگە ، زمان ، نەتەوە ، باری تەندروستی)

دەتوانین ئەم بلێین ئەم سەرژمێریە بە گرنگترین سەرژمێری دادەنرێت  كە گرینگە زۆر بە جۆرێك تاوە كو ڕۆژگاری ئەمڕۆشمان زۆربەی كێشە سیاسیەكانی تایبەت بە ئەمەوە لەناوچە كێشە لەسەرەكان یان ناوچە فرە نەتەوەكان وەك (كەركووك ) پالپشت بەم سەرژمێریە یەكلایی دەكرێنەوە هەربۆیە پسپۆڕانی تایبەت بەم بوارە ماموستایان و زانكۆ و سەركردە سیاسیەكان لە ئەنجامەكان ڕازین .

سەرژمێری 1957 بنەمایەك بۆ یەكلاییكردنەوەی كێشەكان لە سەرژمێری عێراق (1957) ڕێژەی كورد (16،7) بوو .

(باشترین سەرژمیری بوو )

## "سەرژمێری ساڵی 1965 "

بەپێی ئەو سیستەمەی لە عێراق پەیرەودەكرێ دەبوایە لەسالی (1967 ) سەرژمێری بكرێت بەلام ئەم سەرژمێریە دوو ساڵ پێش وادەی خۆی ئەنجام درا ، هۆكاری سەرەكی لەپێشخستنی خۆئامادەكردن بوو بۆ ئەو هەلبژاردنەی كە پاش یەكگرتنی عێراق و كۆماری یەكگرتووی عەرەب بكرێت.

(اتحادیتی كۆمفیدراڵی بوو لەنێوان عێراق و سوریا) زانیاری.

ئەوەی پەیوەستە بەم سەرژمێریە ئەنجامەكانی دروست نەبوو بەتایبەت ئەوەی پەیوەست بوو بە هەرێمی كوردستان.

1-لەم ماوەیەدا هەلومەرجی سیاسی عێراق و كوردستان بەرەو ئالۆزی چوبوو بەهۆی هەلكردنی شۆرشی ئەیلول لەساڵی 1968 .

2-ناونوسكەران نەیان توانی  بگەنە ئەوناوچانەی كە لەژێر دەستی شوڕش گێران بوون

3-  ناوچە دوورە دەستەكان لەكوردستان وعێراق سەرژمێریان تێدا نەكرا ئەم سەرژمێریەش لە(1965\10\24)ئەنجام درا  ئەم سەر ژمێریەش لەلایەن وەزارەتی

پلاندانان  ئەنجام درا بە پێش بینی ئەنجامەکانی ئەم سەرژمێریە ژمارەی دانیشتوانی عێراق (8,092,230)کەس بوو .

*ئەنجامەکانی ئەم سەرژمێرییە پاش تێپەڕبوونی (8) ساڵ ، لەسالی (1977)  بڵاو کرایەوە ئەوەی پەیوەست بوو بەکوردستان زۆربەی خاڵەکانی بەبەتالێ جێهلدرابوون ئەمەش ئاماژەیەکی ڕوونە کە ئەم سەرژمێرییە لەکوردستان ئەنجامێکی ڕوونی نەبوو .

## *سەرژمێری ساڵی ( 1977)

دەزگای ناوەندی ئامارسەربەوەزارەتی پلاندانان لەلایەن حکومەتی عێراقەوە ڕاسپێردرا چەندی زووە سەرژمێریەکی سەرتاسەری لەعێراق ئەنجام بدات بۆ ئەم مەبەستەش ئیمکانیەتێکی زۆر و هوکارەکانی ڕاگەیاندن (بیسراو  ، خوێندراو  ) خرانە گەڕ بۆ هۆشیار کردنەوەی خەڵک و باسکردن لەگرینگی سەرژمێر ئەم سەرژمێریە پێش ئەوەی ئەنجام بدرێت لە (1977\10\17) ، سەرژمێریەکی تەجریبی لەسێ ناوچەی عێراق لە (1977\4\7)ئەنجام درا کەناوچەکان ئەمانەبوون.

1-عەنکاوە لەپارێزگایی هەولێر .

2- مەتحەتیە لە پارێزگایی بابلی ناوەڕاست .

3- ئەکەد لە پارێزگایی (ذی قار )باشوور .

ئەوەی پەیوەست بووبە بەشەکانی تری عێراق تاڕادەیەک ئەنجامەکانی دروست بوو بەڵام ئەوەی تایبەت بوو بە کوردستان ئەنجامی دروست نەبوو .

1-  دوابەدوای شکست هێنانی شۆڕشی ئەیلول ژمارەیەکی زۆری کوردەکان بەرەو ئێران و تورکیا و وڵاتانی ئەوڕووپی چوون نەگەڕابوونەوە .

2-  ژمارەیەکی زۆری ئەوکەسانەی گەڕابوونەوە لەلایەن حکومەت ڕاگوێزرابوون بۆ بەشەکانی ناوەڕاست و باشووری عێراق.

3-جارێکی تر شۆرشی نوێ دەستی پێکردبوو هەر بۆیە ناونوسکەران نەگەیشتبوونە ئەو ناوچانەی لەژێر دەستی پێشمەرگەکان دا بوون .

4-بە پێی ڕێکەوەن نامەی جەزائیر ناوچە سنورییەکان بەقوڵایی (16)کیلۆمەتر چۆل کرابوون خەلکەکەی ڕاگوێزرابوون بۆ ئۆردووگا زۆرە ملی یەکان .

5-ژمارەیەکی زۆری خەلک لەشارە بچوکەکان کۆچیان کردبوو بۆشارەگەورەکان بەتایبەت ئەوانەی ڕۆلەکانیان لە ڕیزی هێزی پێشمەرگەدا بوون بۆ خۆپاراستنیان لەدەست حکومەت وخۆ حەشار دانیان و هەموو ئەمانە وایان کرد ئەم سەرژمێرییە ئەنجامی دروستی نەبێت .

***بەپێێ ئەم سەرژمێرییە ژمارەی دانیشتوان (12,000,497) کەس بوو ئەنجامەکانی ئەم سرژمێرییە پاش یەک ساڵ بڵاوکرایەوە بۆ هەر پارێزگایەک تەرخان کرابوو.**

## *سەرژمێری سالی 1987:

لەسالێ( 1978)پاش تێپەڕینی دەساڵ بەسەر سەرژمێری حکومەتی عێراق بڕیاری دا سەرژمێریەکی تر ئەنجام بدات لەکاتێکدا بارودۆخی عێراق خراپ بوو لەئەنجامی هەڵگیرسانی شەڕی (عێراق -ئێران )کە هەشت سالی خایەند بەڵام  لەگەل ئەوەشدا عێراق لەوادەی خۆی لە مانگی  دە هەولی ئەنجام دانی سەرژمێری دا بەپێێ ئەم سەر ژمێرییە ژمارەی دانیشتوان (16,335,199) کەس بوو ئەنجامی سەرژمێریەکە لەدوای یەک ساڵ بڵاو کرایەوە .

## گرینگترین ئەم کەموکورتیانەی سەرژمێری سالی (1987):

1-بەهۆی هەلگیرسانی جەنگی( عێراق-ئێران ).

2-ناونوسکەران نەیان توانی بگەنە ناوچە دوورە دەستەکان یان ئەوناوچانەی کەلەژێر دەستی پێشمەرگە دابوو لەناوچەکانی شەڕی عێراق کە بە دەست ئۆپۆزیسیۆنی عێراق دابوون بەتایبەت ناوچە زۆنگاوەکان .

3-لەم کاتەدا ژمارەیەکی زۆری خەڵک سەرباز بوو یان ئەسیر یان بزر بوو لەهەرێمی کوردستانیش خەڵکێکی زۆر هەڵاتووی سەربازی یان لەڕیزی پێشمەرگە بوون و خێزانەکانیان نەدەوێران ناونوسیان بکەن هەموو ئەمانە وای کردسەرژمێریەکە ئەنجامێکی دروستی نەبێت .

***سەرژمێری سالی (1997): پاش تێپەربوونی دەساڵ عێراق هەوڵی سەرژمێری دانیشتوانی داو ئەوەبوو لەمانگی دە لەسالی 1997سەرژمێری ئەنجام درا لەلایەن وەزارەتی پلان دانان**

* جێگەی ئاماژە پێدانە ئەم سەرژمێرییە ئەنجامەکانی لەوانەی پێشە خۆی باشتر نەبوو لەبەر ئەم هۆکارانە :-

1-عێراق لەژێر ئابلوقەیەکی سەربازی توند دابوو بەهۆی هێرشی عێراق بۆ سەر کوێت .

2-ژمارەیەکی زۆری خەڵک کۆچیان کردبوو بۆدەرەوەی وڵات بەهۆی خراپی بارووداۆخ .

3-هەرێمی کوردستان سەرژمێری تێدا نەکرا چونکەئەوکات کوردستان لەژێر دەستی حکومەتی ناوەندی نەبوو ، هەموو ئەمانە وایان کرد کە ئەو سەرژمێرییە ئەنجامێکی دروستی نەبێت .

* لە هەموو ئەمانە بۆمان دەردەکەوێت لەو وڵاتانەی ڕەوشی ڕامیاری و سەربازیان جێگیر نیە.

..........................................GROUP_J....................................